## خراپ.. خراپتر.. خراپترین

**خراپ**: پۆلیس خەلك بکاتە ژووری

**خراپتر**: بە ئارەزوو

**هەر زۆر خراپ**: لە مەحکەمە

**خراپترین**: بشلێ ئێرە قانوونی تیا نیە

## باش.. خراپ.. خراپترین

باش: نیوەی پری پەرداخەکەت نیشان بدەن

خراپ: لەباتی ئاو میزی تیا بێت

خراپترین: بلێن ئەبێ بیخۆیتەوە

* * *

باش: ناوت لە یانسیبا دەرچێت

خراپ: یانسیبی حەج بێت

خراپترین: خۆیشت مەسیحی بیت

* * *

باش: توانای حەرەکەتت هەبێ

خراپ: تەنیا لە خانەکانی شەترنجا

خراپترین: حەرەکەتەکە بەس لە شکلی حەرفی L دا بێت

## فێری بیجامە

**لە تەعزێی زەعیفەیەکا کەس و کاری خوا لێخۆشبوو لەخۆیان ئەداو ئەیانوت: بەقوربانت بم تۆ ئەحەی مێردت فێری بیجامە کرد.**

## پاك وەکو منال

**خێزانێك لەو خێزانە کوردانەی ئەوروپا کە بۆ سەردان هاتبوونەوە سلێمانی لە رۆژی گەڕانەوەیاندا جانتاو شتیان حازر کردو ماچ و مووچیان لەگەڵ کەس و کارا بە شلپەی تەڕەوە ئەنجامدا. لەپڕ جەرەسی تەلەفونێك بۆ دایکەکە هات و ئیتر کە تەلەفونەکەی داخستەوە بە جەماعەتی وت سەفەرەکە تەئجیل بوو. ئەمڕۆ تەیارەکە هەڵناسێ. کوڕە سێ ساڵانەکەی بەو پەڕی بەراءەتەوە لێی پرسی: بۆچی تەیارەکە هەڵناسێ؟ قوڕگی ئێشێ؟!**




**خۆت فێری عەرەبی بکە - بۆ کاندیدە تازەکانی پەرلەمانی عێراق**

**تەعال چی یە پەرلەمانتار؟
یەعنی وەرە بەلە نجەولار
ئیمشی بڕۆ ئورکوض راکە
رۆن رژاوە خۆتی پیاکە
قاعە هۆڵە، حەکیم دانا
سەفەر خۆشە بەعاسمانا
رەفیق هاورێ، مەنهەج پەیڕەو
تیرۆر بۆتە تری خەسرەو
مسکین، داماو، شەریس دڕە
( یەدد ) یش دەستە هەڵیپڕە
خەشن زبرە، دەقیق وردە
فاعیل بکەر، مەفعول کوردە
واحید یەکە، ئثنین دوانە
جیوار هاوسێ ی بێ ویژدانە
ثەعلەب ڕێوی، ئەسەد شێرە
نەعم بەڵێ، لاء نەخێرە
طەریق ڕێگە، تبن کایە
رەئس سەرە. بەس چی تیایە؟
شوکرەن سوپاس، شەتم جوێنە
ئەخ برایە لی ی بخوێنە
هونا ئێرە، هوناك ئەوێ
فیدراڵ شەڕی قورسی ئەوێ**